2011-01-26

Introduktionsprogram




# بەرنامەی سەرەتایی

# (Introduktionsprogram)

Skolverket

utbildningsinfo.se

SYDKURDISKA

**لە سەرەتای پاییزی ساڵی ٢٠١١ پێنج بەرنامەی سەرەتایی دەبێت لە خوێندنی ئامادەیی کە شوێنی بەرنامەکانی تاک (IV) دەگرێتەوە ئەمەش تەرخانکراوە بۆ ئەوانەی کە لێهاتوو نین بۆ یەکێ لەبەرنامەکانی نیشتمانی.**

پێنج بەرنامەکە فێرکردنی ئامادەکاری ، و بەهەڵبژاردەی تاک و ئاراستەکراو، پیشەیی سەرەتایی، و تاکی لەبری و زمانی سەرەتایی دەبێت.

هەریەکێ لەم پێنج بەرنامەیە ناگاتە ئەنجام دانی تاقیکردنەوەی بڕوانامەی دەرچوون، بەڵام بیرۆکەکە ئەوەیە بگاتە بەرنامەی نیشتمانی یان کارکردن.

ئەم فێرکردنە بە دەوامی تەواو دەبێت و ناوەڕۆکی فێرکردنەکە دیاری دەکرێ لەسەر ئاستی تاک. پاش تەواوکردنی فێرکردنەکە کەسەکان بڕوانامەی سەلماندنی خوێندن بەدەست دەهێنن.

ئەگەر لێهاتوو نەبیت بۆ بەرنامەی نیشتمانی، مافی پەیوەندی کردنت هەیە بە بەرنامەی سەرەتایی. بەرنامەکە کە توانای خوێندنیت هەیە بەشێوەیەکی تێروتەسەل بەندە لەسەر کاروباری وەک چی مەبەستێکت هەیە لەخوێندنی بەرنامەکە. و هەڵبژاردەیەکی تر هەیە ئەگەر لێهاتوو نەبیت، ئەوا دەتوانی بەردەوام بیت لە خوێندنەکە لە قووتابخانە سەرەتایی یەکە بۆ ماوەی دووساڵ.

بۆ دەست کەوتنی یارمەتی بۆ زانینی چ بەرنامەیەک لەگەڵت دەگوونجێ بەباشترین شێوە. دەتوانی قسەبکەی لەگەڵ ڕاوێژکاری ئاراستەکردنی خوێندن و پیشەیی لە قووتابخانەکەت.

## پێنج بەرنامەی سەرەتایی جیاواز

### فێرکردنی ئامادەکاری

- فێرکردنی ئامادەکاری ئاراستەت دەکرێ کە دەتەوێت وەربگیرێی لە بەرنامەی نیشتمانی و بەڵام پێویستت بە نمرەی سەرکەوتن هەیە لە یەک بابەت یان چەندین بابەتی پێویست لەبەرنامەکە.

ئەم فێرکردنە نابێت ساڵێک زیاتر بخایەنێت. بەرنامەکە لە پێش هەموو شتێک بابەتی خوێندن لە قووتابخانەی بنەڕەتی یەکە هەیە کە تیایدا سەرنەکەوتووی و پێویستیت پیان هەیە بۆ وەرگرتنت لەبەرنامەی نیشتمانی. هەروەها دەتوانی لە بابەتی بەرنامەی نیشتمانی بخوێنی، هەروەها دەکرێ فێرکردنەکە هەوڵی تری بگرێتە خۆ کە پێویستت پێ دەبێ بۆ گەشەکردنی زانینت. کاتێک دەتوانی ئامادەکاری بۆ بەرنامەی نیشتمانی پەیدابکەی کەواتە دەتوانی کورسی یەکی خوێندن بۆ خۆت پەیدابکەی، و وەربگیرێی لەبەرنامەکە.

دەتوانی فێرکردنی ئامادەکاری بخوێنی تەنانەت ئەگەر ئامادەی بۆ بەرنامەیەکی پیشەیی. هەڵدەستی بەم هەڵبژاردنە لەکاتێکدا ئارەزووی بەدەستهێنانی ئامادەییت بۆ خوێندن لەیەکێ لەبەرنامەکانی لێهاتوویی بۆ خوێندن لەزانکۆ.

### هەڵبژاردەی تاکی ئاراستەکردن (PRIV)

- (PRIV) ئاراستەی تۆ ئەکرێ کە دەتەوێ وەربگیرێی لەبەرنامەیەکی پیشەیی بەڵام پێویستت بە نمرەی سەرکەوتنە لەبابەتێک یان دووان یان زیاتر لەبابەتێک کە داواکراوە لەبەرنامەکە.

پێویستت بە لایەنی کەمەوە بە نمرەی سەرکەوتنت هەیە لە شەش بابەت، بە زمانی سویدی یان زمانی سویدی وەک زمانی دووەم بۆ خوێندن لە (PRIV). و فێرکردن لەپێش هەموو شتێکەوە بابەتی خوێندن دەگرێتە خۆ لە قووتابخانە بنەڕەتی یەکە کە دەرنەچووی لیان و پێویستت پیان هەیە بۆ وەرگرتنت لەبەرنامەی پیشەیی. هەروەها دەتوانی بابەت بخوێنی لەبەرنامەی پیشەیی و فێرکردنەکەت دەستکەوێت لە شوێنی کارکردنت (apl). کاتێک لێهاتوویت بۆ بەرنامەی پیشەیی دەست دەکەوێت ئەوا دەتوانی کورسی یەکی خوێندنت دەست کەوێت و وەربگیرێی لەبەرنامەکە.

## پیشەیی سەرەتایی

- فێرکردنی پیشەیی سەرەتایی ئاراستەت ئەکرێ کە دەتەوێت وەربگیرێی لەبەرنامەی پیشەیی و بەڵام پێویستت بە نمرەی سەرکەوتن هەیە لەبابەتە داواکراوەکان بۆ خوێندن لەبەرنامەکە (PRIV) یان بەرنامەی پیشەیی.

فێرکردنی پیشەیی سەرەتایی لەوانەیە فێرکردنێکی وابگرێتە خۆ بتوانی کارێکت دەستکەوێت یان بتەوێ وەربگیرێی لەبەرنامەی پیشەیی. فێرکردن بۆ نمونە دەکرێ بابەتی خوێندن بگرێتە خۆ لە قوتابخانە بنەڕتی یەکە بن کە لیان دەرنەچووی، بابەت لە بەرنامەی پیشەیی. فێرکردن لە شوێنی کار (apl) یان مەشق لەشوێنی کارکردن یان هەوڵی تر لەوانەی کە پێویستت پێانە بۆ پەرەپێدانی زانینت. پاش ئەم فێرکردنە دەتوانی کاربکەیت یان بەردەوام بیت لە خوێندن لە بەرنامەی پیشەیی.

## تاکی لەبری

- فێرکردنی تاکی لەبری ئاراستەی تۆ دەکرێ کە دەتەوێ فێرکردنت دەستکەوێت بۆ ئەوەی بتوانی کارێکت دەست دەکەوێت یان بتوانی بەردەوام بیت لە خوێندنی ئامادەیی. و پێویستت بە نمرەی دەرچوون هەیە لە ژمارەیەکی زۆر لەبابەتی خوێندن لە بەرنامەی نیشتمانی.

بەرنامەکە لەوانەیە بابەتی خوێندن بگرێتە خۆ کە لە قووتابخانە بنەڕەتی یەکە کە لیان سەرکەوتوو نەبووی، بابەت لە بەرنامەی نیشتمانی و هەوڵی تر کە پێویستت پێانە بۆ پەرەسەندنی زانینت. پاش خوێندنت دەتوانی کاربکەیت یان بەردەوام بیت لەخوێندن لە قووتابخانە ئامادەیی یەکە.

## زمانی سەرەتایی

- ئاراستەی تۆ ئەکرێ کە تازەی هاتوویتەتە سوید و پێویستت بە نمرەی سەرکەوتنی داواکراو هەیە بۆ وەرگرتنت لەبەرنامەی نیشتمانی و پێویستت بە فێرکردن هەیە لە زمانی سویدی.

ئەم فێرکردنە فێربوونی زمانی سویدی دەگرێتە خۆ و هەروەها دەکرێ بابەتی خوێندنی قووتابخانە بنەڕەتی یەکەش بگریچتە خۆ، بابەت لە بەرنامەی نیشتمانی و هەوڵی تر لەوانەی پێویستت پێانە بۆ پەرەسەندنی زانینت. پاش بەرنامەکە دەتوانی بەردەوام بیت لە خوێندن لە قووتابخانە ئامادەیی یەکە یان بەرەو فێرکردنێکی تر هەونگاو بنەی.